کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 18-7-2007 18:53

**من پیاوم و پیاوم دەوێت قسە بکات!! ... بەختیارجاف**

bextyarjaf@yahoo. com

دانیشت بووم خەریکی گۆڕینی کەناڵەکانی tv کەی ماڵ بووم، ئەوسەر ئەوسەری دونیام دەکرد،



بەڕاستی قەت واهەستم نەکردووە پرفەراغبم، tv یە کوردیەکانیش لەمن خەراپتر، ئەوەندە بەفەراغ وموميل بوون مەگەر بە تەنها بینەرانی بزانن، بەهەرحاڵ نەم دەزانی سەیری چی بکەم، لەپر بەرنامەیەك هاتەپێش چاوم، بەرنامەکە چونکی مێزگردبوو مێزێکی خڕی قاڵب قاڵبی ڕەش وسپی وەك تەختی شەترەنج لەهەموو شت دەچوو لەمێز نەدەچوودانرابوو، لەم بەرو ئەو بەری مێزە عەجایب و دیکۆرە غەریبەکەی ئەم بەرنامەیەشدا، ڕێك بەرامبەری یەك، پیاوێکی چوارشانە و بەهەیبەت کە تاسەرئێسقان پیاوەتی لێ دەباری و لەلای چەپی مێزەکەش ئافرەتێکی لاواز و کز و عاجز، بەڵام لەشێوەو روخساری دەردەکەوت لەبلەبان و قسەزان و داکۆکی کاری ڕەگەزەکەیەتی، لەناوەڕاستی مێزە شەترەنجیەکەش پێشکەشکاری بەرنامەکەبوو، کەلەسیمایی دیار بوو کەسێکی بی مەعریفە و کەم ڕۆشنبیریە، چاکەتێکی مۆر و کراسێکی سۆر و بۆینباغێکی نارنجی بەستابوو، تایتلی سەرەتای بەرنامەکە لەسەریان بە (میکس) تەوابوو، پێشکەشکاری بەرنامە زۆر درێژدادری کرد، دوای یەك چارەگە سەعات چاك وچۆنی وخۆشحالین وئێمەوئێوە، کەخەریك بوو دیقم دەکرد تا بزانم تەوەری بەرنامەکەی چیە، ئینجا گووتی: ئەوەی لەبەرنامەی ئەمڕۆدا باسی دەکەین، ژنە یان ئافرەت یان خوشك یان کچ یان حورمە یان ڕەگەزی بەرامبەر یاخود مێینەیە و یا... تد، کەهەروەك دیارە مافیان پێشێل دەکرێت واتا ما فیان دەخورێت، یان داواکانیان نایەتەدی، یا دەچەوسێنرێنەوە یان تیرۆرو ڕەشەکوژیان لەبەرامبەردا دەکرێت، ئا یەئەمە کێ دەیکات و بەرپرسیارە، بۆچی وایە، خوا دەیزانی لەشوێنی خۆم خەریك بوو شەقم دەبرد ئاخر دەبەسە و ببیڕەوە، بەهەرشێوەیەك بوو چونکی بابەتەکە ساخین بوو تەحەمولی پێشکەشکارەکەم کرد تالە قسەکانی بۆوە، کاکی پێشکەشکار یەکەم پرسیاری لە پیاوە بەشان و شەوکەتە کە کردو گووتی: پیاو چیە؟

پیاوە: پیاو، پیاوە، (زۆر بەبی ڕیزەوە) ... ژنیش ژنە، پیاو هەموو شتێکە، دەسەڵات-حوکم ڕانە - سەرکردەی ماڵ - شوفێری تاکسیە - فیتەرە - سایەق تەیارەیە - دەریاوانە - ماسی گرە – ڕاوچیە – جوزانم پیاو هەمووشتە. پێشکەشکار ئەمجارەیان رووی لە ئافرەتە کزەکە کرد و گووتی: ئەی ژن چیە؟

ئافرەتەکە: مرۆڤێکی ناسك، بەسۆز و جوان، دایك، نەرم نیان، خاتوونی ماڵ، هەمیشە (دەستی بۆپیاوەکە درێژکرد) لەلایەن ئەم بوونەوەرانەدا دەچەوسێنرێنەوە.

(پیاوەکە ئەم قسانەی زۆر پێناخۆش بوو سوربویەوە)

پێشکەشکار: (بۆپیاوەکە) دەڵێن پیاو ئافرەت دەچەوسێنێتەوە، تۆ چی دەڵێیت؟

پیاو: کاکە تۆ لەوانەیە لەمن باشتری بزانی، ژن کافرە کافر، گەریەك تۆز گوریسی بۆشل کەیت دەتخوات، ئینجا بۆیە دەبێت پیاو وا مامەڵەی لەگەڵ بکات، نابێت مەجالی بدەیت چونکە ئافرەت بەڕاستی ئاگرە، نابێت بهێڵی زمانی بکاتەوە چونکی (دەستی بۆئافرەتەکە درێژکرد) زمانێکیان هەیە ئاە.. ئەوەندە درێژە، جابۆیەپیاو هەقیەتی کاکە، ڕەگەزی مێینە سەرەتانە سەرەتان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پێشکەشکارە کە وویستی قسە بکات، بەڵام ئافرەتەکە لێی وەرگرتەوە و گووتی: بەقوربانی خوا تانبم ئێمە یا ئێوە سەرەتانین، ڕۆژ تا ئێوارە جلە چلکنەکانتان دەشۆرین ئوتویان دەکەین، ماڵ پاك دەکەین، منداڵتان بەخێودەکەین، نان وخواردن و هەموو شت دەکەین وبووینە کارەکەرتان، هێشتا ئێوە ناڕازین ئەی زاڵمینە ئەی بی ویژدان و بی ڕەحمینە، (پێشکەشکارەکە قسەی پی بڕی و گووتی: لەسەرەخۆ تەنگاومەبە، من وویستم پرسیارت لێبکەم، بۆچی ژن یان ئافرەت یان حورمە بەمەڕازیە؟

ئافرەتەکە: ئەی گەر ڕازی نەبێت چی بکات.

پێشکەشکار: چۆن ڕێگا چارە هەیە؟

پیاو: ڕێگا چارەو مارەی چی برا تۆ باس لەچی دەکەی، ژن لەسەریەتی وابێت، گەرنا سی بەردەیەو دووقسەیە.

ئافرەت: ئێوە هەرئەمەبزانن، یا ن سی بەردە یان ژن هێنان بەسەر ژنەکانتان.

پێشکەشکار: بەقسەی ژن هێنانەوە، ئەری بۆچی ژن یا ئافرەت شوو بە پیاوی ژندار دەکات؟

پیاو: (دەستێکی بەسمێڵی داهێنا) و گووتی: قۆزە بۆیە.

ئافرەت: نەوە للە بی ئەقڵە.

پێشکەشکار: ئەری ئێوە تەوەری بەرنامەکەتان بردە لا یەکی دیکە، بێینەوە سەر ئەسڵی مەسەلەکە، سەبارەت بە ڕەشەکوژی ئافرەت چی دەڵێن؟

پیاو: ئافرەت گەر لە گوی و حەمدت نەبوو، چووحەز حەزۆکی ی کرد و عیشارەت ومیشارەتی دایە کوڕی خەڵکی و بە مۆبایل و تۆبایل قسەی کرد، پێم ناڵی ی بۆ کوشتن نەبێت بۆچی باشە؟ ئەری وە للە سەری پانکەیتەوە هێشتا کەمە.

ئافرەت: بۆکاکە ئێمەش مرۆڤ نین، مافمان نیە بژین، وەك ئێوە نین، چیمان لە ئێوە کەمترە، ئاخر بیلی دەی؟

پیاو: کەی ئێوە وەك ئێمەن، تۆ دەتوانی تەقە بکەیت یان نزیکی سیلاح کەویتەوە، یان شەوێك پاسەوانی بکەیت، یا دەوەرە تۆ بەمن بلّی تۆ دەتوانی شۆڤڵ بازۆیی ولێبخوڕی؟

ئافرەت: ئاخر ئەمەهەمووی کاری پیاوە.

پیاو: ئەها... ئەوە دان پیانانی خۆتانە کەئێوە وەك ئێمەنین و جیاوازیتان هەیە، قسە مەکەن و مەڵێن یەکسانین لەئەرك و مافدا.

ئافرەت: یەعنی چی؟

پیاو: یەعنی هەڵسەو زووبرورەوە ماڵ، ئێستا پیاوەکەت بچێتەوە و لەماڵ نەبیت شوێنێکت بەساغی ناهێڵێت.

ئافرەت: وەللە حەدی نیە.

پیاو: کورە چۆن حەدی نیە؟

ئافرەت: نا توانی سەیریشم کات.

پیاو: کورە دەتوانی هەر دوو چاویشت دەردبێنی.

ئافرەت: قسەی زیاد مەکە.

(تورەبوون و گرژی کوتە نێوانیان)

پێشکەشکار: بابە بەسە عیبە لەسەر خۆ ئێوە لە هەوا دان، سەد ملیۆن بینەر سەیرتان دەکات، ئەمەچایەخانە و سەرشەقام نیە، دوای ماف و داخوازی ئەوها نابێت.

پیاو: کورە مافی چی وحاڵی چی خاڵە، مافی ئێمە زۆردراوە جانۆبەتی ئەم زەعیفانەیە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 18:53 18-7-2007

ئافرەت: مەڵی زەعیفە ها قەبوڵی ناکەم...

پیاو: ئەی بڵێم چی خانم، زمان درێژ... یان... (نا گوتری)

ئافرەت: ئاخر خەتای خۆمانە کە ڕازی دەبین بەدیار ئێوەوە دانیشین و هەمووشت قەبوڵ بکەین...

پیاو: قەبوڵی دەکەن نای کەن، دەرگای ستۆدیۆ کراوەیە و حوشتری پێوە دەچێت...

پێشکەشکار: لەسەرەخۆ...

ئافرەت: لەسەرەخۆی چی کورە دەیبینی چی دەڵێت، خۆگوێت لێیە...

(ئافرەتەکە هەڵساوە و پیاوەکەش لێی هەڵساوە)

پێشکەشکار (دەستی هەردووکیانی گرت) و گووتی: تادیدار خواتان لەگەڵ...

تێبینی/ ئەم بەرنامەیە کە بەناوی... (من پیاوم و پیاوم دەوێت قسەبکات) لە کەناڵی ناوەندی مۆزەمبیق بینی، ئەم شەڕە قسەیەی کە ڕوویدا، وای بەدیار دەخست ڕەمزی دایەلۆگی نێوان پیاو و ئافرەتانی ئەم وولاتەیە، پێم وایە لەوولاتەکەی منیش لەوان باشتر نیە وناشبێت، بۆیە بەڕای من چاکترە چیتر باسی دایەلۆگ و لێك گەیشتنی نێوان ئافرەت و پیاو نەکەین و چاوەڕێی ڕەحمی گەورەیی خوا بین بۆمانی چاك بکات... ئامین.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.